عباس غزالی میرخان سەرۆکی تەمەن

3- لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری رەوەندی کوردستانی:

تحسین اسماعیل احمد سەرۆکی تەمەن

**یوسف محمد صادق**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

**وەزارەتی داد**

**بەیانی ژمارە ( 11 ) ساڵی 2014**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی نۆیەم/ بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی داد ژمـارە (13)ی ساڵی 2007، بڕیارماندا بە : -

1- کردنەوەی هۆبەی پێراگەیاندن لە فەرمانگەی دادنوسی یەکەم لە هەرسێ پارێزگای (هەولێر، سلێمانی ، دهۆك) .

2- کردنەوەی هۆبەی پێراگەیاندن لە بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی ناوەندی لە هەرسێ پارێزگای (هەولێر، سلێمانی ، دهۆك) .

**سـنـان چـلبی**
**وەزیـری داد**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**

**بەیانی ژمارە ( 8 ) ساڵی 2014**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ( ماددەی چوارەم/ بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتـی نـاوخۆ ژمارە (6)ی ساڵی 2009 ، بڕیارماندا بە : -

- گۆڕینی ناوی گوندی ( بارەپانە ) بۆ (شۆڕش) .
- ئەم بەیانە جێ بەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ڕێکەوتی 2014/11/26 .

**کریم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**